## کێشەی

هەر چەندە یانەکانی کوردستان لە ئێستادا لە قەیراندانە بۆ پێدانی بڕی گرێبەستی یاریزانان و چەندین پێویستی دیکە بۆ یانەکانیان،یانەی سیمێلیش یەکێکە لەو یانانەیەی کە ئێستا بڕێك پارە قەرزارەو لەلایەن لایەنی پەیوەندیداریشەوە بەڵێنی هاوکاری پێدراوە بۆبەڕێوەچوونی کارەکانی یانەکە لەم بارەشـــەوە بەشیر سەبری ســـەرۆکی یانەی سیمێل بە گۆڤاری گوڵانی گوت: ئێستادا لە بەرنامەیاندایە یانەی ســـیمێل زیاتر بەهێز بکەین و ژمارەیەك یاریزانی باش لە خۆیان کۆبکەینەوە لەسەر داوای ڕاهێنەری ڕۆمانی یانەکە بەمەبەستی بەدەســـتهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان، بەشـــیر زیاتر ڕوونی کردەوە گوتی لە ئێستادا ئێمە یاریزانێکی پورتوگالیمان هێناوە بە ناوی نیفیس بورتوکتل کە هێرشبەرە یاریزانێکی بەتوانایە لـــە چەندین خولی ئەوروپی یاری کـــردووە، پێش ئەوەی بێتە لای ئێمە لە یانەی لایکۆی قوبرســـی یاری کردووە، لەسەر داوای ڕاهێنەری یانەکەمان ئەم یاریزانەمان هێناوە

# ئیناس جونەید: لە ئێستادا بە ئاســـــ

**ئینـــاس کچە یاریزانی تۆپی فوتســـاڵی یانـــەی ئافرەتانی هەولێرە یەکێکـــە لە یاریزانە بەتواناکانی شـــارەکەو یانـــەی ئافرەتانی هەولێر لە ئێستادا ســـەرقاڵی پاڵەوانێتیی فوتساڵی یانەکانی کوردستانە، لە ماوەی ڕابردوودا توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەسەر ئاستی کوردســـتان لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر بەدەســـت بهێنێت، ناوبراو لەدایك بووی ساڵی١٩٩٣ی شاری هەولێرە لە هەمان کاتیشدا قوتابیی ئامادەییە،ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

-ئاســـتی ئەمساڵی پاڵەوانیتیی فوتساڵی یانەکانی کوردستان باشە بەڵام ئەوەش نیە بڵێی زۆر پێشـــکەوتووە، ئاستێکی مام ناوەندی هەبووە تاکو ئێستا کە یارییەکانی لـــە کۆتایی نزیکـــە بۆتەوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم ڕێژە بەشـــداری کردنی یانەکانە لە پاڵەوانیتیەکە مایەی دڵخۆشیە و ڕەنگە لە پاڵەوانیتی داهاتوو زیاتریش بێت.

***ئاستی پاڵەوانیتی فوتساڵی یانەکانی کوردستان ئەمساڵ لەچ ئاستێکە؟**

- ئەم پاڵەوانیتیە کە ئاستێکی باشی هەبووە تاکو ئێستا یانەکانیش جیاوازیان هەبوو،هەندێك زۆر بەهێز بوون،هەندێکیشـــیان ئاستیان وەکو پێویست نەبووە، بەڵام ڕەنگە بۆپاڵەوانێتیەکانی داهاتوو ئەوانیش بەشێوەیەکی دیکە بێنە نێو ڕکابەرییەکان.

***ئەی لە شاری هەولێر لە چ ئاستێکدایە ؟**

- من لە ئێســـتادا گەشبینم بە ئاســـتی ئەم یارییە لە هەولێر، چونکە یانەکان

# دارایی بەرۆکی یانەی سێمێل بەرنادات



ڕاهێنەری یانەکە لە ئاستی ئەم یاریزانە ڕازییە،بەڵام ماوەی هەفتەیەکی دیکەیش لە ژێر تاقـــی کردنەوەی ڕاهێنەری رۆمانی دەبێت بۆئەوەی ئاستی بەتەواوی هەڵبسەنگێنیت، لە ئێستادا کێشـــەی داراییمان هەیە نزیکەی (٧٠)ملیۆن دینار قەرزارین ئەگەر بێتو یەك تا دوو گرێبەستیی دیکە لەگەڵ یاریزانان مۆربکەین ئەوە قەرزکەمان لە سەر زیاتر دەبێت زیاتر لە ١٠٠ملیۆن دینار قەرزار دەبین پێویســـتمان بەهاوکاری دەبێت.

# ـــــتی یاریی فوتساڵ لە هەولێر زۆر گەشبینم

گرنگی باش بە ئاســـتی کچان دەدەن بەش بەحاڵی خۆشمان یانەکەمان تاکە یانەیە کە گرنگی تەواو بەم یارییە دەدات. لەو بڕوایەشدام ئاستی شاری هەولێر لە شارەکانی تر باشتر بێت.

*** بــە بۆچوونی تۆ وەکــو یاریزانێك چی بکرێت باشــە بۆبەرەوپێش چوونی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان؟**

- کردنەوەی خولی بەردەوام بۆیاریزانان بۆئەوەی ئاســـتیان دانەبەزێت و مەشـــقی بەردەوام و یاریگای تایبەت وگرنگی تایبەت هەبێت بۆکچە یاریزانەکان ئەمانە هەمووی دەبنەهۆکار بۆپێشکەوتنی ئەم یارییە لە کوردستان.

*** بۆچی یاریزانی کچ کەم بەشداری فوستاڵ دەکەن ؟**

-ئەم یارییە بەتایبەتی کوڕان زۆر ئەنجامی دەدەن، یاریزانی زۆر باشیش هەیە لەم یارییە،بەڵام دەبێ بەهرەکانیان بدۆزرێتەوە لەلایەن ڕاهێنەری تایبەتەوە ئەگەر ئەم کارە بکرێت بێ گومان ڕێژەی کچە وەرزشکاران زیاد دەبێت.

***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە ؟**

- پێویستمان بەهۆڵی داخراو هەیە چونکە زۆر جار لە وەرزی زســـتان کە باران دەبارێت و ســـەرما و ســـۆڵ لێمان دەدات و لەوەرزی هاوینیش لەبەر تیشـــکی رۆژ مەشق دەکەین، بۆیە داواکارین گرنگیمان پێ بدەن و هۆڵێکمان بۆدروست بکەن.

*** تۆ لە دوایین قۆناغی خوێندنی ئایا خوێندن ڕێگریت لێ ناکات لە وەرزش کردن ببێتە هۆی دابڕانت لەوەرزش؟**

-ئەگەر بەشـــێوەیەکی گشتی ســـەیری بکەین،بێ گومان کاریگـــەری دەبێت، بـــەڵام وەرزش بکەیت نابێ خوێندنەکەش پشتگوێ بخەی.

***بەچ یاریزانێك زۆر سەرسامی لەجیهان؟**

- بەیاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین میســـی و کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی.

***هیواو ئاواتت چیە لەم یارییە وەکو کچە وەرزشوانێك؟**

-بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بە تواناکانی کچە وەرزشکاران بدرێت لە گشـــت شارەکانی کوردســـتان و بتوانم گرنگی بە تواناکانـــی خۆم بدەم بۆئەوەی لە داهاتوو ببمە ئەســـتێرەیەك بۆشاری هەولێر.

***یانەی ئافرەتانی هەولێر هاوکاریتان دەکات ؟**

-زۆر سوپاســـیان دەکەیـــن بەردەوامی هـــاوکاری تەواوی یاریزانانی یانەکەن.

***داواکاریت چیە بۆیەکێتیی تۆپی پێی کوردستان؟**

-بەهیـــوای ئەوەین خولی بەردەوامان بۆ بکەنەوە و پاڵەوانی خولەکانیش بچنە دەرەوە بۆئـــەوەی زیاتر گرنگی بە خولەکە بدرێـــت و خولەکەش بکرێت شـــێوازی یارییەکانی خول چوون و هاتن بێت.

***ئەگەر شتێکت لە کۆتایدا ما بێت ؟**

-سوپاســـی گۆڤاری گوڵان دەکەین بۆخزمەتکردنی بواری وەرزش و بەهیـــوای ئەوەیـــن جامی پاڵەوانێتیی فوتســـاڵی کوردستان بۆهەولێر بێت.

دیمانە: کارزان کانەبی






# جۆکۆڤیج و ئەزارینکا لە ئوستورالیا دەدرەوشێنەوە

هەردوو یاریزانی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیج و کچە یاریزانی بیلاروسیا ڤکتۆریا ئەزارینکا نازناوی پاڵەوانێتیی ئوسترالیای کراوەیان لە یاریی تێنسی سەر زەوی لە سەر ئاستی پیاوان و کچان بەدەست هێنا کە یەکەم پاڵەوانێتی گراند سلامی ساڵی ٢٠١٣یە، لە یاریی کۆتایی پیاوندا بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەك هەردوو یاریزان نۆڤاك جۆکۆڤیجی سربی و ئەندی مۆری بەریتانی بەیەك گەیشتن، لەدوای یارییەکی ئاست بەرزدا یاریزان جۆکۆڤیج بۆ ساڵی سێیەم لەسەریەك نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی بە سێ کۆمەڵە بەرامبەر کۆمەڵەیەك لە مۆرای بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٧، ٧-٦، ٦-٣، ٦-٢) بوو، ئەوە شەشەمین نازناوە بۆ جۆکۆڤیج لە پاڵەوانەتییەکانی گراندسلام و پارێزگاری لە پلەی یەکەمی ریزبەندی پۆلینکاری باشترین یاریزانانی جیهان کرد .

لە یاریی کۆتایی کچاندا، کچە یاریزانی بیلاروسیا ڤکتۆریا ئەزارینکا لە بەرامبەر کچە یاریزانی چینی نا لی یاری کرد، ئەزارینکا نازناوەکەی بردەوە دوای سەرکەوتنی بە سەر نا لی بە ئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر کۆمەڵەیەك، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٤-٦، ٦-٤، ٦-٢) بوو، ئەزارینکا بۆ ساڵی دووەم لەسەریەك دەبێتە پاڵەوانی ئوستورالیا و لە پلەی یەکەمی ریزبەندی باشترین کچە یاریزانانی جیهان مایەوە .



# ئیسپانیا نازناوی مۆندیالی تۆپی دەستی بەدەستهێنا

بۆ جاری دووەم لە مێژوویدا هەڵبژاردەی ئیسپانیا نازناوی جامی جیهانی لە یاریی تۆپی دەست بەدەستهێنا کە یارییەکانی لە شاری بەرشلۆنە لە وڵاتی ئیسپانیا کۆتایی هات، لە یاریی کۆتایی مۆندیالی تۆپی دەستی ٢٠١٣ هەڵبژاردەی ئیسپانیا رووبەرووی هەڵبژاردەی دانیمارك بۆوە، یاریزانانی ئیسپانیا لەم یارییەدا باشترین ئاستی هونەریی خۆیان پێشکەش کرد و بە ئەنجامێکی گەورە سەرکەوتنیان تۆمارکرد بە سەر یاریزانانی دانیمارك، ئیسپانیا یارییەکەی بە ئەنجامی ٣٥ گۆڵ بەرامبەر ١٩ گۆڵ بردەوە، هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ جاری دووەمە جامی جیهانی بەرزدەکاتەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ کە بۆ یەکەمجار نازناوەکەی بەدەستهێنا بوو، لەو کاتەی هەڵبژاردەی دانیمارك بۆ جاری سێیەمە لە یاری کۆتایی تووشی دۆڕاندن دێت لە دوای ساڵانی ١٩٦٧ و ٢٠١١.

یەکێتیی تۆپی دەستی نێودەوڵەتی یاریزانی هەڵبژاردەی دانیمارك نیکلاس هانسۆن بە باشترین یاریزانی مۆندیالی ٢٠١٣ دەست نیشان کرد لەو کاتەی یاریزانی هەڵبژاردەی دانیمارك ئەندرێس ئیگەرت خەڵاتی گۆڵکەری مۆندیالی وەرگرت بە تۆمارکردنی ٥٢ گۆڵ، پێکهاتەی نمونەیی مۆندیال پێکهات لە یاریزانان : نیکلاس لاندین – دانیمارك (باشترین گۆڵچی)، تیمۆر دیبیرۆڤ – روسیا (باشترین باڵی چەپ)، هانس لیدینبێرگ – دانیمارك (باشترین باڵی راست)، لازلۆ ناژی – هەنگاریا (باشترین بەرگری راست)، ئەلبرتۆ ئۆنتریرۆس – ئیسپانیا (باشترین بەرگری چەپ)، دۆماگۆج دۆڤنیاك – کرواتیا (باشترین پلای مێکەر)، یۆلن ئەگیناگالدی – ئیسپانیا (باشترین یاریزانی بازنە).

ریزبەندی کۆتایی مۆندیال تۆپی دەستی ٢٠١٣ : ١- ئیسپانیا ٢- دانیمارك ٣- کرواتیا ٤- سلۆڤینیا ٥- ئەڵمانیا ٦- فەرەنسا ٧- روسیا ٨- هەنگاریا ٩- پۆلەندا ١٠- سربیا ١١- تونس ١٢- ئایسلەندا ١٣- بەرازیل ١٤- مەقدۆنیا ١٥- بیلاروسیا ١٦- میسر ١٧- جەزائیر ١٨- ئەرژەنتین ١٩-سعودیە ٢٠- قەتەر ٢١- کۆریای باشوور ٢٢- مۆنتینیگرۆ ٢٣- چیلی ٢٤- ئوستورالیا.

جێگای ئاماژە پێکردنە یارییەکانی مۆندیالی داهاتوو لە ساڵی ٢٠١٥ لە وڵاتی قەتەر ئەنجام دەدرێت.




# چیچاریتۆ بە هیوای سێکوچکەی نازناوەکانە

یاریزانی لاوی مەکسیکی خاڤێر هێرناندیز ناسراو بە چیچاریتۆ هێرشبەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی خەون بەوە دەبینێت لەگەڵ یانەکەی دەسکەوتە مێژووییەکەی یانە شەیتانە سوورەکان لە ساڵی ١٩٩٩ دووبارە بکاتەوە بە بەدەست هێنانی هەرسێ نازناوی خول و جامی ئینگلتەرا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لەم وەرزەدا .

چیچاریتۆ لە لێدوانێکیدا گوتی : ئێمە سێکوچکەی نازناوەکانمان دەوێت، دەمانەوێ هەرسێ نازناوەکە بەدەست بهێنین ئەو ئاواتە لە بیری ئێمەدایە، پێویستە بیر لە هەر یارییەك بەجیا بکەینەوە، پێویستە لە خولی ئینگلتەرا خاڵ کۆبکەینەوە، لە یارییەکانی جام و چامپیۆنز لیگ سەرکەوتن تۆمار بکەین . هەروەها چیچاریتۆ لە درێژەی لێدوانەکەی گوتی : من هەردەم لە کاتی یارییەکاندا بیر لە تۆمارکردنی هاتریك دەکەمەوە، بەڵام ئێستا تەنها بیر لە سێکوچکەی نازناوەکان دەکەمەوە، چەند یارییەکی گرنگمان لە پێشە چ لە خولی ئینگلتەرا یان لە خولی یانە پاڵەوانەکان بەرامبەر یانەی ریال مەدرید، کەواتە خشتەیەکی جەنجاڵمان لە پێشە و پێویستە بیر لە هەموو یارییەك بە تەنها بکەینەوە.





# میسی بچوکترین یاریزانە دەگاتە ٢٠٠ گۆڵ لە لالیگا

دوای ئـــەوەی یاریزان و ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میســـی چوار گۆڵی بۆ یانەکەی تۆمارکرد لە بەرامبەر یانەی ئۆساســۆنا لە هەفتەی ٢١ی خولی ئیســـپانیا، کۆی گۆڵەکانی لە لالیگای ئیسپانیا بەرزکردەوە بۆ ٢٠٢ گۆڵ و بووە بچووکترین یاریزان لە مێژووی خولی ئیسپانیا کە زیاتر لە ٢٠٠ گۆڵ تۆمار دەکات .

رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی رایگەیاند کە لیۆنیل میسی رۆژ لە دوای رۆژ ئاستێکی هونەری بەرزتر پێشکەش دەکات و ژمارە پێوانەییەکان یەك لە دوای دەشـــکێنێت، رۆژنامەکە دووپاتیکردەوە کە میســـی لە تەمەنی ٢٥ ساڵ و ٢١٧ رۆژدا گەیشتە گۆڵی ژمـــارە ٢٠٠ ئەوەش وای لێدەکات ببێتە بچوکترین یاریزان لە مێژووی لالیگادا بگاتە ئەم ژمارەیە و بە پێش ئەفســـانەکانی خولی ئیســـپانیا دەکەوێت، یاریزانی پێشـــوو تیلمۆ زارا لە تەمەنی ٢٩ ساڵ و ٣٥٢ رۆژ گەیشتە ٢٠٠ گۆڵ لەو کاتەی ئەفسانەی یانەی ریال مەدرید رائول گۆنزالیز لە تەمەنی ٣٠ ساڵ و ٢٥٥ رۆژ گەیشتە ئەو ژمارەیە .

میســـی بووە هەشـــتەمین یاریزان لە مێژووی خولی ئیســـپانیا زیاتر لە ٢٠٠ گۆڵ تۆمار دەکات و هەریەك لە یاریزانان تیلمۆ زارا بە ٢٥١ گۆڵ و هۆگۆ سانشـــیز بە ٢٣٤ گۆڵ و رائول گۆنزالیز بە ٢٢٨ گۆڵ و ئەلفریدۆ دی ســـتیڤانۆ بە ٢٢٧ گۆڵ و سیزار بە ٢٢٤ گۆڵ و کینی بە ٢١٩ گۆڵ و باهینۆ بە ٢١٠ گۆڵ لە پێش لیۆ میسی دێن.

# لەم هەفتەیەدا سلێمانی بڕیار لەسەر هێنانی یاریزانان دەدات

دوای ئـەوەی یانـەی سـلێمانی بڕیـاری ئـەوەی دا کە ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکانی عێراقی پەلکێشـی یانەکەی بکات، بەمەبەسـتی بەهێزکردنی ریـزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەسـتهێنانی ئەنجامێکی شایسـتە لە یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی کە لەئێستادا یانەکانی عێراق لە کێبڕکێدان بۆبەدەسـتهێنانی ئەنجامێکی شایسـتە لە یارییەکانی داهاتووی خولەکە، بڕیاریشـە سـبەی سێ شەمە ڕێکەوتی ٥-٢- ٢٠١٣ کاتی دەرگا کرانەوەیە بۆهێنانی یاریزانان بۆیانەکان، لەم بارەشەوە مەلا جەبار ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی سـلێمانی بە گۆڤاری گوڵانی گوت: ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕیی یانەکە




سـۆزی دڵشـاد کچە یاریزانی تیپی پایسکلسواری یانەی نەورۆز و یاریزانی سەرەکیی هەڵبژاردەی عێـراق، کە سـاڵانێکی زۆرە خزمەتی بواری پایسکلسواری کوردسـتان و عێراق دەکات، لەسەرەتای دەستپێکردنی وەرزش لە یانەی نەورۆز بوو بە خاوەن چەندین نازناوە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و تا ئێسـتاش بەردەوامە و بەشـداریی چەندین پاڵەوانێتی کردووە.

## سۆزی دڵشاد: یانەی نـ



و به سەرپەرشتیی ڕاهێنەری یانەکەمان باسم قاسم یاریزانان دەستنیشان دەکەین بۆئەوەی گرێبەستیان لەگەڵدا مۆربکەین و سبەی سێ شەمە کە ڕێکەوتی ٥ی مانگە دەرگای کرانەوەی هێنانی یاریزانان دەکرێتەوە کە بە گواستنەوەی زستانە ناودەبرێت ئێمە ژمارەیەك یاریزان دەهێنین بۆیانەی سلێمانی بۆئەوەی لە قۆناغی دووەم گرێبەستی لەگەڵ مۆربکەین، گوتیشی بێ گومان ئێمە ناوی هیچ یاریزانێك ئاشکرا ناکەین تاکو کارەکانمان لەگەڵی بەکۆتایی نەهێنین، دەمانەوێ ئەم وەرزە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین وهیچ کێشەو گرفتێکی پارەمان نیە لە یانەی وەرزشی سلێمانی، گوتیشی هەر یاریزانێکی بەناوبانگ بێتە یانەکەمان ئێمە خۆشحاڵ دەبین بەڵام تاکو ئێستا بەفەرمی قسەمان لەگەڵ هیچ یاریزانێکی پیشەگەر نەکردوە،بەڵام هەر یاریزانێك یانەی سلێمانی بوێت ئێمەش خۆشحاڵ دەبین بەهاتنی بۆیانەی سلێمانی، هەوڵ دەدەین لە قۆناغی دووەم یانەکەمان بتوانێ ببێتە جێگای دڵخۆشی هاندەرانی یانەکە و هاندەرانی یانەی سلێمانی.

# ـــەورۆز وەکو قوتابخانەیە بۆ پێگایەندنی یاریزانی پایسکلسواری کچ

*** کەی و چۆن پەیوەندیت بە یانەی نەورۆزەوە کرد؟**

- خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم لە یانەی نەورۆز یاری دەکەم، ئەنجامامان زۆر باشە و تیپێکی باشمان هەیە، سێ ساڵ پێش ئێستا لە ڕێگەی قوتابخانەوە بوو،هەر ئەو کاتیش دەستم بەڕاهێنان کرد و تا ئێستاش بەردەوامم.

***کێ هاوکارت بوو؟**

- سوپاسی ڕاهێنەر دەکەم، هەروەها دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان کە هانی زۆریان داین هاوکاری زۆریان کردووین، پاڵپشتی ئەوانە کە ئێمە بەم ئاستە گەیشتووین.

*** سەرەتا کە دەستت بە وەرزشی پایسکلسواری کرد، هەستت بەترس نەکرد لەرووی کۆمەڵایەتی و لەرووی متمانە بەخۆبوونیش؟**

- سەرەتا کە هاتم بەراستی زۆر دەترسام، بەڵام ترسێکی زۆر نەبوو چونکە خۆم پێشتر پایسکیلم لێخوڕیوە، زیاتر متمانەم بەخۆم هەبوو، بەڵام شارەزاییم نەبوو تا ئەوەی وردە وردە بەم ئاستە گەیشتین و ئێستا بووینەتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق.

*** هەستت بەوە دەکرد ڕۆژێك دێت و ببیتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق؟**

- نەخێر هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوەو پێشبینی شتی لەو جۆرەشم نەکردووە.

***چۆن بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرایت؟**

- بەهۆی بەردەوامی راهێنانمان و لە خولەکانیش ئەنجاممان هەبوو بۆیە بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراین.

***پێشبینیت چییە بۆ داهاتووی تیپەکەت؟**

- ئێمە بەردەوام راهێنان دەکەین، ئاستمان زۆر باشە و داهاتوویەکی باشیش چاوەڕێی تیپەکەمانە لە پاڵەوانێتیەکانی داهاتوودا ئەنجامی باشمان دەبێت، من پێم وایە تا رکابەری زیاتر بێت و یانەی تر هەبێت ئێمە بەرەو پێشتر دەچین.

*** دەگوترێت نەورۆز هەر ئەو تیپەیە کە چەندین ساڵە هەیەو هیچ نەگۆڕاوە، واتە تیپەکەتان لەجێی خۆیەتی و یاریزانی دیاری تێدا هەڵنەکەوتووە، بۆ ئەوە چی دەڵێیت؟**

- نەخێر وانییە، ئێمە کە سەرەتا هاتین نەورۆز بریتی بوو لە رۆژین و دەشنێ و چەند کچێکی دیکە، بەڵام ئێستا ئەوانە ماون، ئەو کات ئێمە سەرەتا بووین ئێستا نەورۆز بریتییە لە ئێمە چەند ساڵێکی دیکەیش یاریزانی دیکە دەردەکەوێت و ئێمە نامێنین، ئێستا چەندان کچە یاریزانی لاومان هەیە کە لەداهاتوودا دەبنە جێگرەوەی ئێمە.

